# ئەو کارەساتەی ناخی هەمووومانی هەژاند..!!

***وەزیری کارو باری کۆمەڵایەتی پێویستە دەستبەجێ کورسی دەسەڵات بەجێبهێڵێ.***

***وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی هاوکاری نەکردین بۆ کردنەوەی خانەی بێسەپەرشتان لە بەغداد.**





**دوێنێ و ئەمڕۆ شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و ڕووی لاپەڕەی زۆرێك لە میدیاکانی جیهان بوون بە شانۆی نمایشی یەکێك لە مەرگەساتەکان و کارەساتە دڵتە زێنەزکان سەبارەت بە ژیانی مناڵانی بێسەرپەرشت و ئەو منالأنەی بێدایك و باوکن و پێویستییان بە خزمەت و سەرپەرشتی تایبەتی هەیە لە عێراقدا.**

**ئەم کارەساتە لە ڕێگەی دەورییەکی ئەمریکی و لە زاری "لارا لۆغان" پەیامنێری دەزگای CBS ی ئەمەریکی کەوتە بە دیدەو گوێی خەڵك و لاپەڕەی ڕۆژنامەکان، سەرباری ئەوەی کە ئەمەریکییەکان و سوپای سەربازی داگیرکەری ئەمەریکا یەکێکن لە هۆکارەکانی ئەم کارەساتانەی ئەمڕۆ لە سایەیدا منالأن بەم دەردە دەبرێن، بەڵام ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت ئەم ژیانە مەرگەساتەی منالأنی بێسەپەرشت کە پڕ شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتدرانی عێراق و بەتایبەتیش وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ، هەست و وێژدانی داگیرکەرانی هەژاندو یەکێك گەورەترین تاوانەکان ، لە هەمان کاتیشدا ماهیەتی نامرۆڤانەی بەرپرسانی خانەی بێسەرپەرشتانی حکومەتی عێراقی ئاشکرا کرد.**

**ژوری فێنك و نەرم ونۆڵی بەڕێوەبەرێکی هەست بەبەرد بوو، منالأنی ڕووت و برسی و بێ جل و بەرگ، نوستنیان لەنێو گەن و گوی خۆیان ، لەولاشەوە سەرقاڵی خواردن ساز کردن و بۆنی خۆشی چێشت لێنان بۆ بەرپرس و کارمەندان بەبێ ئەوەی منالأن چێژی بکەن، بەڕاستی ئەمانە نیشانە و کارنامەی دڕندەترین ڕەفتارو مامەڵەی حکومەتی عێراقە دەرهەق بە منالأن، ڕۆژانە لە شاشەی تەلەفیزیۆنەکان و لاپەڕەی میدیاکانەوە دەیان کارەساتی دڵتەزێن و کوشتنی خەڵکی بێتاوان و تەقاندنەوە دەبینین چ لە لایەن تیرۆریستان و چ لە لایەن هێزی داگیر کەرانەوە، بەڵام بەبڕوی ئێمە بەڕاستی ئەم کارەساتەی**

که دەرهەق بە منالانی بێسەپەرشت ئەنجام ئەدرێت هیچی لە تاوانی تیرۆریستی و مرۆڤ کوشتن کەمتر نییە.

لێرەدا پێم خۆشە هەمووان لەوە ئاگادار بکەمەوە کە ئەمەی لارا لۆغان ئاشکرای کرد تەنها مشتێکە لە خەرواری ئەو تاوانانەی کە ئەمرۆ لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی عێراقدا بەرێوە دەچێت، ئێمە لەسەنتەری منالان شاهیدی دەیان کارەساتی جەرگبڕی لەم جۆرەین، پێش داگیر کردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاو هاوپەیمانانییەوە لە عێراقدا چەندین خانەی منالانی بێسەپەرشت هەبوون، بەوپێیەی کە من لە مانگی 12 سالی 2003 داو پاش چەند مانگ لە رووخانی بەعس سەردانی بەغداد م کردوو نزیکەی بە دوو مانگ لەگەل منالانی بێسەپەرشتدا لەبەغداد تا ناوەراستی مانگی فابریوەری 2004 کارم کرد، من دەتوانم لێرەدا ناوی چەند دانە لە خانانە بژمێرم کە تەنها لە شاری بەغداد هەبوون ئەمە جگە لە بوونی ئەم خانانە لە شارەکانی تر، لەوانە " قریە بغدا" ، " دار الدولە للایتام" ، " دار الرحمە للاگفال" و "دار رعایە الاگفال المعوقین" ... چەندین خانەی تر.

چەند راستیەکی مێژووی و روونکردنەوەیەك لە سەر خانە بێسەرپەرشتەکان لە بەغداد.

من بۆخۆم شاهیدی وەزعییەتی منالانی بێسەپەرشتم و لەچەندین کۆرو کۆنفرانسدا ئیشارەتم پێداوەو لەسەرم نوسیوەو بۆ رێکخراوە جیهانیەکانم ناردووە، وە لە کتابی" چەند ساتێك لەگەل منالانی بێسەپەرشتدا لەبەغداد" کە لە سەرەتای 2005 دا بەچاپم گەیاندووە لەم بارەوە بە درێژی باسی وەزعی ئەو منالانەم کردووە، ئەوەندەی من ئاگادارىم تەنها لە خانەی (گوندی بەغداد) 650 منال دەژیان کە تەمەنیان لە نێوان 2- 18 سالدا بوون و هەموویان ئاوارە بوون و خانەکەیان لە لایەن ئەمەریکییەکانەوە دەستی بەسەردا گیرا، هەروەها"خانەی میهرەبانی بۆ منالان" لەلایەن حەوزەی علمی سەربە تاقمی "صدر" ەوە دەستی بەسەردا گیراو بە حیساب سەرپەرشتی دەکرێت کە کەوتۆتە گەرەکی ئەلسەورەی شاری بەغداد بەلام چ سەرپەرشتییەك من بۆخۆم سەردانی ئەم شوێنەم کردووەو لەگەل بەرپەرسەکەیان لە نزیکەوە قسەم کردووە، ئەوان رێگەیان نەدام کە بچمە ناو منالەکان وێنەیان بگرم وە رێگەیان نەدام قسەوباس لەگەل منالانەدا بکەم، ژمارەی ئەو منالانەی لەوێبوون نزیکەی 36 منال بوون، کە نزیکەی 20 منالیان کچ بوون، ئەوەی من بینینم هیچ لە جێگەی بەخێوکردنی منالان نەدەچوو بەلکو لە حوجرەو مزگەوت و شتی وادەچوو هەموو دیوارەکان بە وێنەی پیاوە ئاینییە ریشنەکانی خۆیان و ئایەت و شتی وا رازێندرابوویەوە، بەشێك لەم منالانە ئەوانەی کە تەمەنیان لە 12 سالان بەسەرەوە بوو لە لایەن بەرپرسی ئەم خانەیەوە بە ناوی "شێخ با..." ئیغتیساب دەکران من بە ڤیدیۆ بەشێك لەو چاوپێکەوتنانەم لان. کاتێك کە ئێمە لقی بەغدادی سەنتەری منالانمان دامەرزاد دەیان منال لەوانەی کە لای حەوزەی علمی بوون روویان لە ئێمە کرد، هەر ئەو کات من توانیم قسەیان لەگەل بکەم و چاوپێکەوتنیان لەگەل ساز بدەم و رستی ئەم جێگایە بەیان بکەم، کە لە رستیدا بۆ لە ڤالبدانی مێشکی منالان و پەروەردەکردنیان بە سیاسەتی نامرۆڤانەی خۆیان هیچی تر نییە.

هەول و کۆششی سەنتەری منالان بۆ چارەسەری کێشەی منالانی بێسەپەرشت و هەلوێستی حکومەتی عێراق لەبەرامبەردا.

ئێمە لەسەنتەری منالان لەدوای بینین و ئاشکرا کردنی ئەم مەرگەساتەی ژیانی منالان ، لە چەند لاوە هەولی زۆر جدیمان دا بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەك بۆ بەشێك لەم منالانە، سەرەتای مانگی یەنیوەری 2004 وەفدێکی سەنتەری منالان سەردانی دەسەلاتدارانی حکومەتی عێراقمان کرد لەبەغداد کە ئەو کات پۆلیمەر دەسەلاتداری عێراق بوو، ئەوەندەیان هێنام و برد بێئەنجام بوو وە هیچ ئاسانکاری و هاوکارییەکیان نەکردین بۆچارەسەی ئەم کێشەیە، وەنەبێ ئێمە دەستەووەستان بین و دەست لەم کارە هەلگرین، بۆیە لەکاتی گەرانەوەم بۆ سوید فیلمێکی دۆکیۆمێنتیم سەبارەت بە وەزعی منالانی بێسەرپەرشت سازکرد و چەندین بایەت و ووتارو نوسی و کتابێکیشم لەم بارەوە نوسی، لەدوای دووسال هێنان و بردن و پەیوەندی گرتن

لەگەڵ زۆرێك لە ڕێكخراوە مرۆییەكانی سوید و بەشێك لە وولاتانی ئەوروپا، سەرەنجام توانیمان لە ڕێگەی ڕێكخراوێكی سویدییەوە بگەین بەو ئەنجامەی كە بڕۆین بۆ سەردانێكی مەیدانی بۆ بەغداد بۆ هێنانی زانیاری تەواو لەسەر چۆنێتی جێبەجێكردن و پێداویستیەكانی پرۆژەی بەخێو كردنی منالأنی بێسەرپەرشت لە شاری بەغداد بێت یان كەركوك، وە چۆنێتی هەنگاوە سەرەتاییەكانی پرۆژەكە، هەر بۆیە لە هاوینی 2006 داو بە نوێنەرایەتی سەنتەری منالأن سەردانی عێراقم كردو لە گەڵ وەفدێكی سەنتەری منالأن سەردانی هەموو ئەو كەس لایەن و بەپرسانەمان كرد كە بڕیاری ئەم كارانەیان لە دەست دایە لە كەركوك و بەغداد، بەجێگری وەزیری كارو باری كۆمەلأیەتیشەوە لە بەغداد، بەلأم بەداخەوە لە دوای تەواو كردن و ئامادە بوونی زۆری هەنگاوە عەمەلییەكان بۆ دەست بردن بۆ كارەكە ، لە لایەن وەزیری كاروباری كۆمەلأیەتیەوە بەبڕیارێك قەدەغە كردنی دەست بردن بۆ ئەم كارەی ڕاگەیاندوو هەموو ئەوڵ و كۆششی دڵسۆزانە و بەتەنگەوە هاتنی ئێمەی بۆ چارەسەری كێشەی منالأنی بێسەپەرشت ، لەبار برد.

**هەڵوێست و داواكاری سەنتەری منالأن لەم بارەوە.**

ئاشكرا كردنی ئەم تاوانە نامرۆڤانەیەی حكومەتی عێراق لە دژی منالأنی بێسەرپەشت، تاوانێكە كە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند، وە بۆ جارێكی تر ڕق و تووڕەی ئێمەی بەرز كردەوە لە بەرامبەر بێدەربەستی و گوێنەدانی حكومەتی عێراق سەبارەت بە چارەسەری كێشەی منالأنی بێسەرپەرشت، وە ڕاستی و دروستی ئەو پێشبینی و ڕاستییە تاڵەی كە ئێمە چەند ساڵ لەمەوبەر ڕامان گەیاند پشت ڕاستكردەوە، ئێمە لە كاتێكدا ئەم تاوانە مەحكوم دەكەین و بەتوندی نارەزاییەتی خۆمان لەبەرامبەر ئەم مەرگەساتەو بەرامبەر بێدەربەستی حكومەتی عێراق و بەتایبەتیش هەڵوێست و بێدەربەستی وەزیری كاروباری كۆمەلأیەتی دەردەبڕین، لە هەمان كاتدا بەئەركی خۆمانی دەزانین سەرلەنوێ دلسۆزوی خەمخۆری خۆمان بۆ چارەسەی كێشەی منالأنی بێسەپرشت نیشان بدەین، وە خوازیاری دەست لە كار كێشانەوەی وەزیری كارو كاروباری كۆمەلأیەتین ،لە هەمان كاتدا داواكارین كە حكومەتی عێراق هاوكاریمان بكات بۆ چارەسەری كێشەی منالأنی بێسەرپەشت، بە كردنەوەی خانەی بێسەرپەشت بۆ منالأن و بەخێوو كردن و پەروەردە كردنی منالأن بەشێوەیەكی مرۆڤانەو پێشكەوتووانە.

شێرزاد فاتح
سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالأن
santarimnalan@yahoo.com
www.santarimnalan.com